# ڕەهەندەکانی ئاکاری سەردەم

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

١- لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرانەی بەسەر کولتوور و شارستانی و سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤدا هاتووە، وەک ئەنجامیکی پەرەسەندنی فرەڕەهەند و شۆڕشی تەکنۆلۆجی، فەلسەفە بەگشتی و لقی ئاکار (مۆڕاڵ) بەتایبەتی، بەشێوەیەک لە شێوەکان پڕیشکی ئەو گۆڕانەی پێدا هەڵپڕژاوە و بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش بەرجەستەی کردووە، ئیتر ئەو دەرکەوتن و بەرجەستەکردنە لە بنەما بنەڕەتییەکانی ئاکار (ئیتیک)دا بووبێ، یان لە جۆری بیرکردنەوە و کرداری ژیانی ڕۆژانە (مۆڕاڵ) و بەسەربردنی گوزەراندا بووبێ، هەستی پێ دەکرێ. ئەو گۆڕانە، لەم سەردەمەدا هەرچوار ڕەهەندی ئاکاری خستووەتە ژێر تیشکی پێوەری شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە:

- مرۆڤی تاک و کۆ.
- کردار.
- خەسڵەت و تایبەتمەندیی و دابونەریت بەگشت جۆرەکانییەوە.
- داوودەزگا و دامەزراوە هەمەچەشنەکان کە ئەرکی هەمەجۆریان لەچوارچێوەی کۆمەڵگەدا پێ سپێردراوە و دەچنە ژێر باری ئۆباڵ کێشانی دەرکەوتە و ئەنجامەکانی چالاکییەکانیان کە لە کایە و دەڤەرە جیاوازییەکاندا پیادە و جێبەجێیان دەکەن.

ئەو ڕەوشە نوێیە بووەتە مایەی ئەوەی لە چوارچێوەی ئاکاردا کاروکردار و ئامراز و ئامانجەکانی ژیان ببن بە بابەت و کەرەستەی

پرسیارکردن! ئەم دۆخەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەردەم ئەو بارودۆخە نوێیەی ژیاندا کە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و مۆبایل تەنگیان بە مرۆڤ هەڵچنیوە، مرۆڤ ناچار دەبێ بپرسێ:

پێویستە چی بکەم؟! چۆن لە ئاستی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەدا بم کە لە ژیانمدا کۆمەڵگە پابەندی کردووم پێیانەوە؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارانەوە بابەتی بەها و بڕیار (حوکم) و پێوەرە ئاکارییەکان بە ئارێ و نارێیەوە سەر ئاو دەکەون! کە لە فەلسەفەی ئاکاردا چەمکی ئەرک و فرمان، پابەندبوون، بنەما ئاکارییەکانی ئەرکیان بۆ بەکار دەهێنرێ. لەمەشەوە لەنێوان داخوازییە تیۆرییەکانی ئاکار و چۆنێتی دامەزراندنی بنەما بنەڕەتییەکانی ئاکار، جیاوازی دەکرێ.

بابەتی ئاکاری تیۆری وەک سەرجەم کێشەکانی ژیانی سەردەم دووچاری دەستی تەنگژەی بنەماکانی بەها و دابونەریتەکان بووەتەوە، بۆیە لە هەندێک سەرچاوەی ئاسۆی دوور و نزیکەوە قسە لە هزر و بەهای نوێی ئاکارییانە دەکرێ، بەهەردوو ڕەهەندی ئاکار و مۆراڵەوە، بە بنەمای هەڵسەنگاندن و کاروکردار و هزری ڕۆژانەوە، چۆن بن و چۆن هەڵبسەنگێنرێن.

ئایا ئەم بۆچوونە ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە: ئامانجە ئاکاری و مۆراڵییەکان لە دەربڕینی خواستی جیاوازی تاکەکانی کۆمەڵگە بەو لاوە نین؟! ئەگەر لەلایەکی ترەوە، ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ لەوەدا پوخت بکرێتەوە کە داهێنانی ڕێگە و ئامرازی جیاوازە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیار و پێشوەخت ڕەنگ بۆ ڕێژراوە! قانوونی ئاکار دەخرێتە چ خانەیەکەوە؟!

٢- لەبەرانبەر ئەو پرسیارەدا بابەتێکی کێشە سروشت سەرئاو دەکەوێ:

پەرەسەندن و گەشەکردن و گۆڕان و شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆجی کە سەرانسەری جیهانیان گرتووەتەوە، گوایە پەرەسەندن لە خۆیدا ئەوە نییە کە ئامانجەکانی ئاکار دیار و دەستنیشان بکات، بەڵکوو لەوەدایە بەپێی گۆڕان و ڕەوشی لە ئارادا بوودا ئەو ئامرازانە دابین بکات کە بۆ گەیشتنە ئامانجەکان کار ئاسانی دەکەن. لەلایەکی دیکەوە: چۆن دەکرێ زەمینەیەک بڕەخسێنرێ کە لەسەریدا کردار و ئامانجەکان پێکەوە بە تەبایی بێنەوە؟!

- هیچ لاریی لەوەدا نییە کە لەم سەردەمەدا مرۆڤ لە کەشوهەوایەکدا ژیان بەسەر دەبات کە شارستانیەت بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بەهەنگاوی گەورەی شایستەی ڕێزلێنان بەرەوپێش چووە، زانست سەرتاپای جیهاندیدی پێشتری گۆڕیوە و دەسکەوتی پتر لە چاوەڕوانکراوی داوەتە دەست، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو دەسکەوتانەدا مرۆڤ لەچاو جاران بەختەوەرتر نییە. ئەگەر ئەو پێشکەوتنە هەندێک چارەسەری لەگەڵ خۆی - لە هەگبەکەیدا- پێ بووبێ، کەمتر کێشەی سەختتری نەورووژاندووە، لە ڕاستیش دوور ناکەوینەوە ئەگەر بڵێین کێشە مەترسیدارەکان لەو دەسکەوتە شۆڕش ئامێزانەوە کەوتوونەتەوە! ئیتر ئەم ڕەوشە چۆن لێک دەدرێتەوە؟! ئایا مرۆڤ هیچ جۆرە پاساوێک بۆ ئەم دۆخە شک دەبات؟!

- ڕاستە مرۆڤ خۆی زانست و نەزمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی داهێناوە، بەڵام ئەو گۆڕان و پەرەسەندنانەی لە چوارچێوەی ئەو هەوڵ و کۆششەدا کەوتوونەتەوە ئاست و ڕەهەندی جیاوازیان هەیە، بەڵام بەکۆی گشتی گەڕاونەتەوە سەر داهێنەرەکانیان و کاریان لە مرۆڤ و کۆمەڵگە و ژینگە کردووە. ئەو کارەش لە دید و ڕوانگەی هەندێک هزرمەندەوە وێرانکار و کارەسات ئامێزە، بۆیە داخوازی ئەوەن کە هەر نەبێ نەخشەڕێگە دابنرێ بۆ ئەوەی تەرازووی هاوکێشەی سروشت و ژینگە و مرۆڤ ڕابگیرێ کە ئامانجی ئەو گۆڕانانەن، ئەو ئەرکە بەرپرسیاریەتی کۆی کۆمەڵانی خەڵکە و سنووری ئەرک و فرمانی تاکەکان دەبەزێنێ و وا پێویست دەکات کە جۆرە

کۆڕەفتارێک بێتە ئاراوە بۆ ئەوەی لەو ئاستەدا بێ، ئۆباڵەکە بگرێتە ئەستۆ و بتوانێ بچێتە ژێرباری ئەو ئەرکەی ڕەوشی نوێی ژیان کە کۆمەڵگە و پەرەسەندن خستوویانەتە سەرشانی! دوور نییە لێرەدا بگوترێ، ئەو لێکدانەوەیە جۆرە تاک ڕەهەندییەکی پێوە دیارە، قسە هەر لە کێشە و ئەرک و فرمان و باری سەرشان کراوە! ئەدی مافی مرۆڤ کوا و خرایە چ خانەیەکەوە؟ ئەو پرسیارە دەرگەی چوونە نێو کایەی ئاکار دەخاتە سەرپشت! بەڵام چ ئاکارێک؟ ئاکاری ئەم سەردەمە لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا (ئامراز و بنەما و ئامانج) بەوە لە هی سەردەمی پێشتر جیا دەکرێتەوە کە ڕووبەڕووی سێ تەنگژە بووەتەوە و دەبێ لە بەرانبەریاندا هەنگاوی کردەکی هەڵگرێ:

- تەنگژەی ئۆباڵکێشان و بەرپرسیاریەتی بڕیاردان.
- تەنگژە و کێشەی بەهاکان.
- تەنگژەی قانوون.

ئەو ڕەوشە لەوە کەوتووەتەوە کە کۆمەڵگەی مۆدێرن هەمەڕەنگ و فرەکێشە و تەنگژەیە! گشت لایەنە سیاسی و ئابووری و قانوونی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی دەگرێتە خۆی!

٣- ئایا دەکرێ لەوەی تا ئێستا گوترا، قسە لە ئۆباڵی ئەستۆ و بەرپرسیاریەتی ئاکاری بکرێ؟ لە کاتێکدا توانایی مرۆڤ لە هەندێک کایەدا سنووربەزێنە، بەڵام هەژموونکردنی ئەنجامی کاروکردارەکانی وا سووک و ئاسان نییە! بۆیە مرۆڤ بیر لەوە دەکاتەوە جۆرە بنەمایەک، یان چەند بنەمایەکی ئاکارییانە ڕەنگ بڕێژێ و ڕۆبنێ بۆ ڕێکخستنی ئەرک و فرمان و بڕیاردان. بۆ سنووردانان بۆ توانایی لە ڕادەبەدەری کاروچالاکی مرۆڤ لە هەندێک کایەی دیار و دەستنیشانکراودا، ئەمەش لە خۆیدا دوو ڕەهەندییەک لە ڕەوشی تەکنۆلۆجی سەردەمدا، لەخۆ دەگرێ:

**یەک:** بنەمایەکی نوێی ئاکار کە بکرێ لە چوارچێوەی کۆڕەفتاری کۆمەڵە و کۆمەڵگە (بەتاکیشەوە) جێبەجێ و پیادە بکرێ و بگونجێ.

**دوو:** بەرپرسیاریەتی و ئۆباڵ کێشان لەبەرانبەر دەرهاویشتە ئاڵۆزەکانی گیانی سەردەمدا کە بە ئاکاری بەرپرسیاریەتی ناو براوە. ئەو جۆرە کردارە ئاکارییانە لە خودی مرۆڤ خۆیەوە، لە ناخی دەروون و ویژدانییەوە سەرچاوە دەگرن، پشت بەهۆشمەندی و هۆشیاریی سەربەست و ئازاد دەبەستێ. بەوپێیە ئازادی مرۆڤی تاک بەگشت ڕەهەندەکانییەوە پێی لەسەر دادەگیرێ و دەستەبەر دەبێ، ئازادییەک لەگەڵ کۆی گشتی و گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا هەڵدەکات.

ئەو جۆرە بنەمایانەی ئاکار کە لەم سەردەمەدا پەیڕەو دەکرێن بەپێی هەلومەرجی لە ئارادابووی سەردەم، لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا لەبنەمای ئاکاری ئامانجەکی و فرمان و سوود و قازانج کە پێشتر پەیڕەوکراون، جیا و جیاوازن. لەلایەکی ترەوە وەک ئەنجامێکی پیادە و جێگیرکردنی بنەمای سیکۆلاریزم (کە بە عەرەبی چەمکی عەلمانیەتی بۆ دانراوە) لەو ئاکار و بنەمایانەشی جیایە کە لە باوەڕ و بڕوا و ئایین و ئایدیۆلۆجییەوە سەرچاوە دەگرن.

ئەو ئاکارەی سەردەم کە تایبەتمەندی خۆی هەیە و نازناو و چەمکی بەرپرسیاریەتی و ئۆباڵ کێشان دەکاتە ئەرک و باری سەرشانی و سروشت و گەوهەر و کەسایەتی خۆی پێ دەستنیشان دەکات، خۆی لەبەردەم ئۆباڵ کێشان و بەرپرسیاریەتی دواڕۆژدا دەبینێ! بەو پێیە ڕۆنانی هەر بنەمایەک، بڕیاردانێک، یان کرداری ژیانی ڕۆژانە کە ئەنجامێکی چارەنووسسازی لێ بکەوێتەوە، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بێت کە ژیان و دنیا هەر ئەمڕۆ و ئێستا نییە و دواڕۆژی بەدوادا دێت! دواڕۆژێک کە ڕەوش و هەلومەرجی دیکە و نەوەیەکی جیا و مرۆڤی تر دەگرێتەوە. لەبەرچاوگرتنی سوود و قازانجی کۆمەڵگە و مرۆڤ و نەوەی نوێ و ژینگە بەهەند دابنرێن.

ئەو جۆرە هزرەی ئاکار- مۆراڵ ئەگەرچی

پێوەندی یەکجارەکی لەگەڵ دوارۆژدا نەپچڕاندووە، بەڵام لەگەڵ ئەمڕۆیدا سروشتی دوارۆژ و چارەنووسی مرۆڤ و پاراستنی بوون و ژینگەی بەئەرکی سەرشانی داناوە و دەبێ بە ئازادی و سەربەستانە بچێتە ژێرباری ئۆباڵی ئەنجامەکانی، ئەمەش بەواتا فەلسەفییەکەی ئاکارێک پێویست دەکات کە هەردوو ڕەهەندی تایبەتی و گشتی، هەندەکی و هەمەکی بگرێتە خۆی.

٤- دوور نییە لێرەدا پرسیارێک لە بەرگی ڕەخنەگرتن و گازندەدا لەو جۆرە ئاکارە بکرێت و ڕووبەڕووی ببێتەوە:

ئایا ئەو جۆرە ئاکارە لە خۆیدا ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئەنجامانەی زانست و تەکنۆلۆجی سەردەم ناگەیەنێ کە جۆرە گەڤ و هەڕەشەیەک لە ئێستا و دوارۆژ بەرجەستە دەکەن؟! ئایا ئەم هەڵوێستە بۆ خۆی کاردانەوەیەکی نارێ نییە لەبەرانبەر پەرەسەندنی زانست و تەکنۆلۆجی مۆدێرندا؟! ئەگەر بیانووەکە بەوە پاساو بدرێتەوە کە دوارۆژ و چارەنووسی نەوەی نوێ ئۆباڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆی مرۆڤی ئەم سەردەمە؟! باشە نەوەی پێش ئێمە، چی بۆ ئێمە کردووە! تا ئێمەش لەلای خۆمانەوە بچینە ژێر باری ئەو ئەرکە سەخت و قورسە و ئەو هەڵوێستە بەرانبەر بە زانست و تەکنۆلۆجی سەردەم بنوێنین؟! ئایا ئەو زانست و تەکنۆلۆجییە هەر ئەو ڕەهەندە نالەبارەیان هەیە، یان ڕەهەندی باش و لەباریشیان هەیە؟! ناکرێ هیچ لایەک پشتگوێ بخرێ!

ئەو ئاکارە لەو گریمانەیەوە هەنگاو هەڵدەگرێ کە شێوازی ژین سەخت و گران بووە. هێز و توانایی و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا، بەتایبەتی لەکایەی کاولکاری و شێواندنی بەهاکانی ژیان و ژینگەدا سنووری بەزاندووە. جاران ئەگەر لە کۆمپانیایەکدا سەد کرێکار کاریان کردبێ، ئێستا ڕۆبۆتەرێک تەنگی بەو کرێکارانە هەڵچنیوە و ژینگەش مەترسی گەوهەریی لەسەرە، بۆیە دەبێ لە دوولاوە هەنگاو هەڵبگیرێ:

**یەکەم:** مرۆڤ بچێتە ژێرباری ئەو ئەرکەی کە دەبێ هەوڵ بدرێ ژیانی مرۆڤ لەپاشەڕۆژدا لەسەر زەوی مەترسی و هەڕەشەی لەسەر نەبێ! پێشبینیکردنیش دەربارەی ئەوەی لە دوارۆژدا دەقەومێ لە زەبەللاحیی ئەنجامەکانی تەکنۆلۆجی کەمتر نەبێ.

**دووەم:** نابێ مرۆڤ بێ خەم بێ! بێ خەمی بەو واتایەی جۆرە ترسێک لە دڵ و ناخی دەروونیدا هەبێ (١)، ئەو ترسەش کە هەستێکی ڕەوایە دوو ئاراستەی هەبێ:

- ئەو مەترسییانەی لەبەرچاوبێ و وێنایان بکات کە دوور نییە سەر ئاو بکەون و ڕووبەڕووی مرۆڤی ئەمڕۆ و دوارۆژ ببنەوە بۆ ئەوەی پێشوەخت نەخشەڕێگەی دوورخستنەوە و بەلایەکدا خستنیان ڕەنگ بڕێژێ، ئەوجا ئەو ترسە:
- پێویستییەکی ناچاریی ئاکاری دوارۆژە، ئەگەرچی لەناخی دەرووندا جۆرە ئەگەر و گومانێک دەورووژێنێ.

ئەو ئەگەرە لە خۆیدا ئاگادارکردنەوەیەک دەربارەی ئەو مەترسییەی لەبەردەمدایە و هاندەرە نەک بۆ پشت ساردبوونەوە و بێ ئومێدی، بەڵکوو بۆ ئاراستەکردنی کاروکردار بەرەو یەکلایی کردنەوەی کێشە چاوەڕوان کراوەکە، ئەوجا ڕووکردنە ئاسۆی دوارۆژ چی و چۆن دەبێ و دەبێ چ لە هەگبە و هەنبانەبۆرینەکەیدا بێ!.

٥- ئەگەرچی تا ئێستا هەر قسە- بەگشتی - لە ئەرکی سەرشان و ئۆباڵ کێشان کراوە، بەڵام بەبێ لاکردنەوە لە هەردوو چەمکی ماف و ئازادی هاوکێشەکە لاسەنگ دەبێت، ئەگەر مرۆڤی سەردەم دوو چەمک لێی لەسەنگەردا بن.

**یەک:** ئەرکی سەرشان و ئۆباڵکێشان.

**دوو:** ترس و نیگەرانی لە دوارۆژێکی نادیار، بە چ لایەکدا تەکان دەدات و دەشکێتەوە.

ئەوە لەو دۆخەدا بابەتی مافی مرۆڤ و ئازادی تاکەکەسی سەرئاو دەکەون و لەنگەر دەگرن!

کە مرۆڤ باسی ئازادی دەکات بەگشت ڕەهەندەکانییەوە دەستبەجێ چەمکی ناچاری

(بەرانبـەر دیترمەنیزمی لاتینی و حەتمیەتی عەرەبی) بەبیردا دێ! بـەڵام یەکەمیان پێوەنـدی ڕاستـەوخۆی بەمرۆڤـەوە هەیـە کـە گیانلەبەرێکـی ژیـرە و دووەمیـان قانوونەکانـی سروشـت و دەوروبـەر دەگرێتـەوە. ئـازادی مـرۆ لـە کـرداری ئـازاددا دەردەکـەوێ کـە بەبێ تۆبزی و تـرس و دڵەڕاوکێ کردوویەتـی، ناچار نەکرێ دەستبەرداری خواستی ئـازادی خـۆی ببـێ و بەپێـی حـەز و ئـارەزووی یەکێکـی تـر، ئیتـر هەرکـەس و لایـەن و دامـەزراو و دەسـەڵاتداربێ، ڕەفتـار بـکات.

ئـەو بۆچوونـە بەهیـچ جۆرێـک ئـەوەی لـێ ناکەوێتـەوە کـە ئـازادی تاکەکەسـی (لیبرالیـەت) جـۆرە سـەربەخۆییەکی خەیاڵـی بێـت لـە گشـت دابونەریـت و دەسـەڵات و قانوونێـک، بەڵکـوو سەربەستییەک دوور لـە لایەنگیـری و مەزهەبگەرایـی کـە دەستـەبەری ئـەوە ببـێ مـرۆڤ کلیلـی کـردار و بیرکردنـەوە و بڕیـاری ژیانـی خـۆی بەدەست خۆیەوە بێـت! بـەڵام ئـەم پێناسـەیە هیـچ لـە پابەندبوونـی مرۆڤـی ئـازاد کاڵ ناکاتـەوە، پابەندبـوون بـە مەسـەلە چارەنووسـییەکانی ژیـان و کۆمەڵگـە و پاراستنی هاوکێش و تەرازووی بنەما بنەڕەتییەکان و بەهـاکان! ئـازادی و ژیـر، ئـازادی و داد، ئـازادی و دەسـەڵات، ئیتـر سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، یـان ئایینـی بێـت. توندوتـۆڵ بەیەکـەوە بەسـتراونەتەوە و پێوەنـدی دەستیاوی لەنێوانیانـدا هەیـە! هـەر لـە ئازادییـەوە ئیتـر بەگشـت ڕەهەندەکانییـەوە مـاف و بەرپرسـیاریەتی (ئۆبـاڵ کێشـان) دەکەونـەوە:

٦- مـاف لـە خۆیـدا ڕەهەنـدی فەلسـەفەیی و قانوونـی و کۆمەڵایەتـی و سیاسـی هەیـە لـە بەرانبەر ئاییـن و دەوڵـەت و ژیانـی جیهانیـی نێـو کۆمەڵگـەدا بەرجەسـتە دەبـێ، ئیتـر ئـەو مافـە لـە ڕوانگـەی تاکـەوە، یـان لـە هی کۆوە سـەرنج بدرێ و مەبەست بـێ. لـە کـۆڕ و کۆمەڵـە نێونەتەوەییەکانـدا چەنـد جۆرێکـی مافی تاکەکەسـەکان لەبەرانبـەر کۆمەڵگەدا بەشـێوەیەکی سروشـتی دیـار و دەستنیشـان کـراون وەک:

مافـی ژیـان، مافـی ئـازادی، مافـی موڵکدارێتـی، مافـی خوێنـدن و پـەروەردە (٣)، مافـی سیاسـی.

مـرۆڤ لـە خۆیـدا و بـۆ خـۆی بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتییـە و ئـەو ڕەوشـە وەک ئـەرک و فرمانـی پـێ دەسـپێرێ و دەبـێ بچێتـە ژێـر بـاری ڕاپەڕانـدن و جێبەجـێ کردنیـان، مافـی دیـار و دەستنیشانکراوشـی بـۆ دەسـتەبەر دەبـێ، مافیش وەک لـە پرۆتۆکۆلی نێونەتەوەییدا هاتووە و پێناسـە کـراوە، داخوازییەکـە مـرۆڤ دەیکـەوێ و بەپێـی شـەرع و قانـوون و بنەماکانـی ئـاکار ڕەوایە و پاسـاو دراوەتـەوە، جـا ئـەو کەوتنـە شـتێک بێـت بەدەسـتی بهێنـێ، یـان شـێوازی کاروکـردار و بیـروڕا دەربڕیـن بـێ. ئـەو مافـە، کـە بەهۆیـەوە مـرۆڤ شـتێکی دەکـەوێ کـە شایستـەیەتی بەپێـی بنەماکانـی ئاییـن و قانـوون و دابونەریتـی کۆمەڵایەتـی ڕێکخـراوە و سنوورەکەشـی بـە دیاریکراوی ڕەنگـی بـۆ ڕێـژراوە.

## چوار ڕەهەندی ئاکار (مۆڕاڵ)ی سەردەم

ئـاکاری سـەردەم، بەتایبەتـی دوای دووەمیـن جەنگـی کاولـکاری جیهانیـی لـە ئەورووپـا لـە هـەردوو لایەنـی تیـوری و پراکتیکیـدا، بەبارتەقـای ئـەو گۆڕانـە سـەرتاپاگیرەی سـەرجەم کۆمەڵگەکانـی گرتووەتـەوە، ئەویـش لـەلای خۆیـەوە لـە ئـەرک و فرمـان و مافـدا گـۆڕانـی بەسـەردا هاتـووە. لەلایەکـی دیکـەوە مـرۆی ئەمـڕۆ لـە هیـچ لایەکـەوە مرۆڤـی دوێنـێ و پێـرێ نەمـاوە، لەسـەردەمی جیهانـی تەکنۆلۆجیـدا ژیـان بەسـەر دەبـات کـە لەگـەڵ تەوژمـی کارای سـیکۆلاریزم و ئینتەرنێـت، جیهـان بـووە بەگوندێکـی بچکۆلـە! هیـچ شـتێک بـە شـاردراوەیی نەمـاوە تـا دیزەبەدەرخۆنـە بکـرێ، ئـەم ڕەوشـەش بووەتـە مایـەی ئـەوەی ئـەرک و فەرمـان پتـر و سـەخت و دژوارتـر ببـن. ئـەو ئەرکـە جۆربەجۆرانـە لـە چـوار ڕەهەندـدا بەجۆرێکـی سـەرنجڕاکێش بەرچـاو دەرکـەون بەتایبەتـی لـە:

**یەک:** مۆڕاڵی پزیشکی.

**دوو:** مۆڕاڵی میدیا و ڕاگەیاندنەکان.

**سێ:** هەڵوێست بەرانبەر بە ژینگە.

**چوار:** مۆراڵی کار و پیشە، ئیتر مەبەست مامۆستا بێ، یان سنعاتکار، یان سیاسەتمەدار.
- ئایا ئەو جۆرە پۆلێنکردنە بۆنی ئەوەی لێ نایەت کە بابەتی ئاکار بە هەردوو لایەنی تیوری و پراکتیکی دووچاری دەستی کێشەی وا بووەتەوە کە دەرکەوتەی کولتوور و شارستانیەتی مۆدێرنن و یەکلایی کردنەوەیان نەک هەر سووک و ئاسان نییە، بەڵکوو هەوڵ و کۆششی فەرهادانەی دەوێ؟ بۆ نموونە بەپێی ئەو بۆچوونە، ئەرکی پزیشک تەنیا هەر چارەسەری نەخۆش نییە! میدیا و ڕاگەیاندن جگە لە پەخشکردنی هەواڵ و ڕووداو، ئەرکی دیاریکراویان لە ئەستۆدایە. ئەو لێکدانەوەیە خاوەن پیشە و هەڵوێست بەرانبەر بە ژینگەش دەگرێتەوە! وەنەبێ لەو ڕەوشەدا سوود و قازانجی تاکەکانی کۆمەڵگە و بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵ لەبەرچاو نەگیرابێ! هیچ کاتێک بنەماکانی ئاکار لارییان لەوە نەبووە کە سروشتی مرۆڤ ئەو پاڵنەرە سەرەکییەیە کە کردار و ڕەفتاری ئاکارییانەی مرۆڤ ئاراستە دەکات.

هەر ئەو سروشتە خۆی مرۆڤی تاکی زەبوونی دەسەڵاتی دوو هێز کردووە کە هەژموونی سەرتاپای ژیانیان کردووە: چێژ و ئازار(٤)! ئەو دوو هێزە مرۆڤیان کۆنتڕۆڵ کردووە (تاکەکان) لەوەی دەیکەن و ئەوەی دەیڵێن، تەنانەت چۆنیش بیر دەکەنەوە!

٧- کەواتە ئەو ئەرکە نوێیەی سەردەم کامەیە کە پێویستە بۆ نموونە، بەناچاری، پزیشک و میدیاکار و خاوەن پیشە و بەرپرسیاریەتی پارێزەرانی پاراستنی ژینگە بچنە ژێر باریەوە؟!
- ئاشکرایە کە ئەرکی سەرەکی پزیشک چارەسەرکردنی نەخۆشییە، پارێزەر داکۆکی لە تێوەگلاو بکات، دادوەر داد پیادە بکات و مافی زەوتکراو بگێڕێتەوە، میدیاکار وەک دەسەڵاتی چوارەم، ئیتر با لە سێبەریشدا بێ، پێویستە ڕاستیودروستی لەبەرچاو بێ، ئیتر لە کارکردنیدابێ، یان لە هەر کایەیەکی تردا. ژینگە کەوتووەتە بەر هەڕەشە و مەترسی کاول بوون! ئەم ڕەوشە چی لێ دەکەوێتەوە:
- ژنێکی دووگیان سەردانی پزیشک دەکات، دوای پشکنین دەردەکەوێ ژنی تایین دووگیانە (سک پڕە- منداڵ لە سکی دایە)، بەڵام منداڵەکە ناتەواوە، مەنگۆلییە(٥)، یان نەخۆشییەکی کوشندەی هەیە! پزیشک دەبێ لەو دۆخەدا چی بکات؟
- مرۆڤێک نەساغە بۆ پزیشک دەردەکەوێ کە نەخۆشییەکی سەختی هەیە و چارەسەری نییە. ئایا دەکرێ پزیشک ئەو هەواڵە ناخۆشە دڵتەزێنە بەنەخۆشەکە بڵێ؟!
- دەربارەی دادوەر و پارێزەر بابەتە کێشە ئامێزەکە هەروایە! هەندێک جار دادوەر دەکەوێتە ژێر کاریگەری سیاسەت و سوود و قازانج، بڕیاری بێداد دەدات. پارێزەر سوڕ دەزانێ گیراوەکە تاوانبارە، کەچی داکۆکی لێ دەکات! لەوەش پتر هەوڵ دەدات سزا شایستەکەی سووکتر بکرێ!
- لە پێناوی پارەدا کەسانێک قەدپاڵی چیاکانی کوردستانیان کاول کرد و بەردی گرانبەهایان بۆ کۆمپانیاکانی بەغدا دەبرد! جگە لەوەی خۆڵ و خاشاک و پاشەڕۆی سروشتی ڕەنگینی ژینگەی کوردستانیان ناشیرین کردووە.
٨- پزیشکەکە لەبەردەم ئۆباڵکێشانێکی ترسناکدایە! ئایا دەرفەت بدات منداڵە مەنگۆلییە- ناتەواوەکە، نەساغەکە- لەدایک ببێ و بێتە سەر دنیا و ئەو ماوەیەی دەژی بە ئێش و ئازارەوە بتلێتەوە؟ یان بڕیار بدات منداڵەکە لەبار دایکی بچێ؟ ئەو کێشە سامناکە بەهەرلایەکدا بخرێ و بڕیاری لەسەر بدرێ، نەپەسەندە و نە بنەماکانی ئاکار ڕەوای دەکەن! لێرەدا ناکرێ هەڵوێستی دایکی منداڵەکەش لەبەرچاو نەگیرێ! کەواتە بەپێی بنەماکانی ئاکاری مودێرن، کامیان مافی بڕیاردانی هەیە، دایکەکە، یان پزیشکەکە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەوەی پێشووتر کەمتر ئاڵۆز و کێشەئامێز نییە!

- گریمان! (تەنیا لە پێناوی توێژینەوەدا) دایکەکە پێی لە جەرگی خۆی ناو ڕازی بوو کۆرپەڵەکەی لەبار ببرێ! چۆن پزیشکەکە ڕێگە بەخۆی دەدات ئەو تولفە ساوایە لە ژیان بێبەش بکات!؟

بە دەرزییەک لە باری بەرێت، گوایە کێشەکە بەلایەکدا دەخات! ئەگەر بەچاوێکی دوور لە هەست و سۆز و بێلایەنانە سەرنجی کێشەکە بدرێت، دوو خاڵ دەردەکەون:

**یەک:** پاساوی هەردوو بەرە وەک یەکن لە بەهێزی و لاوازیدا! کۆرپەکە لەبار ببرێ، یان ڕێگە بدرێ بێتە سەر دنیا! بەڵام خۆ کۆرپەکە خۆی هۆکاری تەمەن کورتی خۆی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ!

**دوو:** ئەو بابەتە بەلایەکدا ناخرێ! دەچێتە ئەو خانەی کێشە و پرسانەوە کە کاتی خۆی ئەل شەهرستانی بە (الداهیة الدهاء والمعضلة الذباء) ناوی بردوون، بەڵام لە بابەتی لاهووت و زانستی کەلامدا.

- ئەگەرچی ئەو کێشانە ڕەهەند و لایەنی هەمەجۆر و جیا و جیاوازیان هەیە، بەڵام لەخانەی ئاکار (مۆراڵی) سەردەم ناچنە دەرەوە و سنوورەکەی بەهیچ جۆرێک نابەزێنن!

ئەو بنەمایانەی ئەم ئاکارە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە پێویستە:

**یەک:** سوود و قازانجی تاک و گشتی لەبەرچاو بگیرێ.

**دوو:** گوێ لە دەنگی ژیر بگیرێ و هەست و سۆز بخرێنە لاوە.

**سێ:** بێلایەنانە بڕیارە (حوکمە) ئاکارییەکان بەکردەوەکانیشەوە بە بەڵگەی ژیر و لۆجیک پشت ڕاست بکرێنەوە!

**چوار:** ڕاگیرکردنی تەرازوو و باڵانس لەنێوان ئامرازی شایستەی ڕەوا و ئەو ئەنجامەی دەکەوێتەوە!

**پێنج:** لە کردار و بڕیاردا پشت بە ستاندێکی ئەوتۆی ئاکارییانە ببەسترێ، نەشیش بسووتێ نە کەباب و لەلایەن زۆربەی زۆری خەڵکەوە پەسەند و ڕەچاو بکرێت! لەوەشدا چ شتێک سوود و قازانجی تاک و کۆ بە باشترین شێوەی تێدایە، بە هەند بگیرێ.

### سەرچاوە و پەراوێز:


1- Hans Jonas: Das Prinzip Verantwortung. Stw. 1085. Frankfurt am Main 1984. s. 391.

2- Bruno Bauch: Grundzuege der Ethik. Darmstadt 1968. s. 256. ff.

٣- وليام ليلي: مقدمة في علم الأخلاق، ترجمة: د. علي عبدالمعطي محمد، دار المعارف، أسكندرية – مصر، ٢٠٠٠، ص٢٢٥.

٤- مجموعة مؤلفين: الفلسفة الاخلاقية، باشراف سمير بلكغيف، الرباط (المغرب)، ٢٠١٣، ص١٧٦، هەروەها لە چەند جێگەی دیکەدا.

٥- لە هێنانەوەی هەندێک لەو نموونانە، سوودم لەو کتێبە وەرگرتووە: جەیمس ڕەیچل: بنەماکانی فەلسەفەی ئەخلاق: و. لە ئینگلزییەوە: هەرێم هادی. سلێمانی، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠٢١.